# سەرۆکی کوردستان، دڵشاد عەبدوڕەحمان و جەمال عەبدوول.. و گرفتی زمانی یەکگرتووی کوردی.!

موحسین جوامێر

ماوەیەکە سەرۆکی کوردستان نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە زمانی یەکگرتوو، دەردەبڕێ و پێدەچێت خستبێتیە نێو ڕۆژەڤی خۆی و کاری بۆ بکات. لە ڕۆژی سێشەممەی ڕێککەوتی 2007/09/04 دا و لە سەرەتای دانیشتنی خولی نوێی پەرلەماندا، لە تەوەرێکی قسەکانیدا فەرمووی : " مەسەلەیەکی دیکە کە بەلای منەوە گرنگە، مەسەلەی یەکزمانی نووسینە. تا ئێمە یەکزمانی نووسینی کوردیمان نەبێت، گیروگرفتێکی زۆرمان لە پێشدا دەبێت.. زۆر میللەتی دیکەی تر هەن وەکوو ئێمە شێوەزاری جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام یەکزمانی نووسین و خوێندنەوەیان هەیە."

هەروەها وەزیری پەروەردە د. دڵشاد عەبدوڵلا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی " ئەڤرۆ " دا نیگەرانیی زۆری خۆی لەو گەڕەلاوژە بیسەروبەرەی زمانی خوێندن، دەربڕی، کە بەم دواییە سەری هەڵدا و جاڕی دا کە " نابیت ل وەلاتەکی دوو زمان و دوو شێوەزاری فەرمی هەبن " چونکە " د جیهانێدا هیچ نەتەوەیەک نینە دوو زمانێن نڤێسینێ یێن جیاواز هەبن د پەروەردە و فێرکرنێدا" .. هەروەها هۆی نزمبوونی ئاستی قوتابییانی دهۆک ـ بە پلەی یەکەم ـ گەڕاندەوە بۆ ئاستی مامۆستایان، نەک شێوەزار.

بەڕێککەوت لە هەمان ڕۆژ و لە ژمارە 71 ی دووهەفتەنامەی ( وەرچەرخان )دا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستای زمانەوان و وەزیری پێشتری ڕۆشنبیری جەمال عەبدول ـ دا سازی کردووە، بەداخێکەوە دەڵێ " ئەفسووس کێشەی هەرە گەورە، نادروست و ترسناک ئەوەیە کە بە دوو شێوەزمان ( کرمانجیی باکوور و باشوور ) کتێبەکان دەنووسرێنەوە، کە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا شتی وا نییە و نەبووە " هەر لەوێدا سەیدا عەبدوول ڕووی دەمی لە سەرکردایەتیی سیاسی دەکا، دەڵێ : " داواکارم، خەمخۆرانە، ژیرانە و بە زووترین کات فریای کێشەکە بکەون و چارەسەرێکی بەرپرسانەی بکەن " و داوا لە خودی کاک مەسعوود دەکا کە بە : " بڕیارێکی بوێرانە، ئەو زمانەی کە 36 ساڵە لە هەموو قۆناغەکاندا، کتێبەکانی خوێندنی پێ دەنووسرێت و زمانی فەرمیی حکوومەتی شێخ مەحموود، دەوڵەتی جمهووریی کوردستان و حکوومەتی کوردستانیشە و بەرەو بوونە زمانی پێوانە ( ستاندەرد ) هەڵدەکشێ؛ بکرێتە زمانی وەرگێڕان وپێنووسینەوەی کتێبان و زمانی فەرمیی سەراپای کوردستان.." هەروەها وەزیری پێشترێ وتی : " دواتریش قوتابییانی کوردستان فێری هەردوو شێوە زمانەسەرەکییەکە بکرێن، بە کردنەوەی دەورەی زانستی چڕوپڕ لەلایەن پسپۆڕان و خەڵکی شارەزاوە و بەکارهێنانی ڕێگەو شێوازی زانستی و نوێباو، بۆ ئەو مەبەستەو بەزووترین کات ئامادەکردنی فەرهەنگێکی فراوانی کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور و بایەخپێدانێکی دڵسۆزانە بۆ لێکنزیکخستنەوە و گەشەو پێشخستن و کارپێکردنی فراوانی کرمانجیی باکوور بەپێی بەرنامەیەکی زانستی و نوێ لە لایەن دەزگە، دامەزراوە پەروەردەیی، فەرهەنگی، زانستی و کەلتوورییەکانەوە " .

خۆی ئەو گێچەڵە زمانەوانییەی ئەمڕۆ ئێمە تێی کەوتووین و خەریکە ـ ئەگەر چاری نەکەین ـ هەست و نیستیمان قلووف بکات؛ بەرهەمی ئەو هەنگاوە بووە کە نازانم چۆن، کەی و بۆچی ئاوا بەپەلە نراوە و ئاوا زوو بڕیاری خوێندن بە دیالێکتی دیکەش، دراوە، بێی هیچ پرس و لێکۆڵینەوەیەک.. جا ئەگەر ئەو خێراکردنە نا لێتوێژراوەیە، بەرەو ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی پەلکێش کردبین، ئەوە لەو بڕوایە دام هیچ چار نییە و دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە، بە

پێوەری زانستی بابەتەکە بپیوین و بیکێشین، دەنا خراپترمان لێ بەسەر دێت. بەڵگەمان ئەوەیە، بە هێنانەکایەی دیالێکتێک، هی دیکەش دێنە پێشێ و بە ناوی کوردایەتییەوەش؛ داوای خوێندنی پێ دەکەن.. هێندێک، جەزبەی لەهجە بە جۆرێک گرتوونی، ئەگەر نەڵێیت ئێوە زمانن و بڵێیت دیالێکتن، بۆی هەیە ـ ئەگەر بکارن ـ شاربەدەرت بکەن. ئەسڵەن بۆ ئەم مەبەستە، هێندێ لایەن شەویان لە خۆ کردووەتە ڕۆژ. چینێکیش لەو ڕۆژەوە کە وتراوە ئێمە زمانی یەکگرتوومان نییە؛ ئۆخژنیان پێوە نووساوە و دۆڵ و زوڕنای شادی دەکوتن.!

بێجگە لەوەش، ئێستە ڕێبازێک سەری هەڵداوە، دەڵێ با جیا ببینەوە، ماڵی خۆمان بکەین و ببین بە نەتەوەی جیا، هەروەک پێشکەشکەری بەرنامەیەک لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی دەرەوەی کوردستاندا، بەردەوام بانگەوازی بۆ دەکا و هەر یەکێکیش بەشداری لە بەرنامەکەی ویدا بکا؛ لە شێوەی پرسیاردا هەمان داوای لێ دەکات... لە هێندێ ڕۆژنامە و ماڵپەڕاندا هێندێ بابەت ـ بەناوی لێکۆڵینەوە ـ لەمەڕ هەمان مەسەلەی زماندا نووسراون، هەر یەکێک بیانخوێنێتەوە، دەزانێ ـ ئەگەر زوو بڕیارێکی واقیعی و بوێرانە نەدرێت، ئەوە ئەم ساڵانە ـ لە لوتکەی شادبوونی کورد بە مافی سیاسییدا ـ بە سەردەمی لێکهەڵوەشانی زمانی کوردی و میللەتی کورد دادەنرێت.

هەڵبەت ئەگەر لە هەولێری پایتەختدا بڕیارێکی ئازایانە نەدرێت، کوردی باکوور هەر لە ئێستاوە بوونەتە دوو زمان و دوو نەتەوە، کرمانج و زازا.. لەوانەشە لە دەستپێکدا لە جەزبەی ئازادیی کوردانی تورکیا کە لەمێژە لێی بێبەش بوونە، هەست بە مەترسییەکی ئەوتۆ نەکرێت، وەلێ هێندەی پێناچێ هەر یەک بۆ خۆی دەبێتە گەلێکی سەربەخۆ، ناو جودا و زمان جودا.. بەدووری نازانم، تورکیاش ئەوسا وەئاگا بێت و بڵێ مادەم کورد ئەوەندە قەومە بوون، بۆ ئەو شەڕەم پێ فرۆشتن و هەر لە ئەوەڵەوە ـ بەم پاوانخوازییە ـ چارەم نەدەکردن؟!

بەهەرحاڵ، من یەک شتی کوردان بێئومێدم دەکا، ئەویش ئەوەیە وەختێ کێشەیەک، کارەساتێک و گیروگرفتێک باسی لێوە دەکرێت، نازانرێ داخوە چیی بۆ چارەسەری دەکرێ، کێ دەیکا و چۆن دەکرێت.؟ هێژا کاک مەسعوود فەرمووی نەبوونی زمانی یەکگرتوو، کێشەیەکی مەزنە و دەبێ حەل بکرێت.. من، بڕوا ناکەم جەنابی ئەو کاتەی هەبێ خۆی بۆ تەرخان بکات، بەڵام ئاخر دەبێ لەدەستپێکدا میکانیزمێکی بۆ دابنرێ ـ ئەمڕۆ نەک سبەی ـ بەبەرنامەی تۆکمە نەک بەئەڵڵاخوایی ـ بەستراو بەکات نەک هاکەزایی.. وەلێ چاودێریی کاک مەسعوود و عەگیدیی ئەو زۆر گرنگن.!

06/09/2007

mohsinjwamir@hotmail.com